حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی پلاندانان

كاروچالاكییەكانی وەزارەتی پلاندان

(وەرزی سێیەمی ساڵی ٢٠١٦)

Activities & Achievements Report of Ministry of Planning KRG

تشرینی دووەم - ٢٠١٦

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی پلاندانان

كارو چالاكییەكانی وەزارەتی پلاندانان

Activities & Achievements Report of Ministry of Planning

راپۆرتی كارو چالاكییەكانی وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٢٥) تشرینی دووەم - ٢٠١٦

لـــەم ژمـارەیـــەدا

- وەزارەتی پلاندانان رێنمایی نوێ بۆ گرێبەستە گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان رادەگەیێنێت ل٣
- شاندێكی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان بە سەرۆكایەتی د. علی سندی سەردانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیكی دەكات ل٤
- حكومەتی هەرێمی كوردستان چوارچێوەی ستراتیژی پاراستنی كۆمەڵایەتی رادەگەیەنێت ل٥
- حكومەتی هەرێم كار بۆ خێراكردنی پرۆسەی چاكسازی دەكات ل٦
- پۆلێنكردنی چوار كۆمپانیا و بەڵێندەر و بەرزكردنەوەی پلەی پۆلێنی (٢) دوو كۆمپانیا و، هەڵوەشاندنەوەی پلەی پۆلێنی (٣) سێ كۆمپانیا ل٧
- لە داهاتوویەكی نزیكدا ،
- هەنگاوی دووەمی پرۆسەی نوێكردنەوە و
- پەرەپێدانی سیستمی گرێبەستە گشتیەكان دەست پێدەكات..... ل٨
- دارشتنی یەكەم رەشنووسی پلانی ستراتیجی سەرانسەری بۆ (پێنج ساڵ)ی داهاتوو (٢٠١٧-٢٠٢١) ل٩
- كاروچالاكییەكانی دەستەی پێوانەسازیو كۆنترۆڵی جۆری ..... ل (١٠-١٢)
- كاروچالاكییەكانی دەستەی ئاماری هەرێم ..... ل(١٢-١٦)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی ..... ل (١٧-٢١)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی ..... ل (٢٢-٢٣)

كـورتـەیـەك دەربـارەی وەزارەتی پـلاندانان

ئەم وەزارەتە بەپێی یاســای ژمارە (٧)ی ســاڵی (٢٠٠٦)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان ـ عیراق دامەزراوە، بەمەبەستی ئامادەكردنی پلانەكانی پەرەپێدانی هەرێم و پێشخستنی لەڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتی و مرۆیی و رۆشنبیریەوە.

هەروەها وەزارەتی پلاندانان بە هاوكاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاكانی دیكەی حكومەت و كەرتی تایبەت پلانە درێژ و مامناوەند و كورتخایەنەكان و پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندییەكان،

هەروەها پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حكومی بەپێی چەند بنەمایەكی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان ئامادە دەكات. وەزارەت هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی كرداری ئاماری جیاجیا لە هەرێمدا بەتایبەتی ئەوانەی كە پەیوەندیان بە سەرژمێریە گشتیەكانی دانیشتوانی هەرێم و خانووەكان و رووپێوی ئامادەیی تایبەت بە كەرتە جۆربەجۆرەكانی هەرێمەوە هەیە،

جگە لەمانی سەرەوە وەزارەت هەڵدەستێ بە دانان و پەیڕەوكردنی سیستەمێكی نیشتیمانی بۆ پێوەركاری و كۆنترۆڵی جۆرەكی لە هەرێمدا بەپێی مواسەفاتی عیراقی و جیهانی.

لـــەم ڕاپۆرتەدا

ئەم ڕاپۆرتە (ڕاپۆرتی كارو چالاكییەكان) بلاوكراوەیەكی وەرزیە، كە هەموو سێ مانگ جارێك لە وەزارەتی پلاندانان دەردەچێت، تیایدا ئەم كارو چالاكیە سەرەكیانە بەشێوەیەكی كورت و پوختكراو دەخاتەڕوو، كە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە چ لەلایەن خودی وەزارەتەوە یان بە هاوكاری و هەماهەنگیی وەزارەتەكانی دیكەی حكومەت و لایەنە ناوخۆیی و بیانیە پەیوەندیدارەكان.

پێویستە بگوترێت كەوا لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئاماژە بە كارو چالاكیە سەرەكیەكان كراوە بەشێوەیەكی كورت، وە بۆ هەر وردەكاریەك یا بەكارهێنانی داتاكان پێویست بە گەڕانەوە دەكات بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پلاندانان یا ماڵپەڕی وەزارەت.

(www.mop.gov.krd)

ئامادەكردن: لێژنەیەك لە وەزارەتی پلاندانان

e-mail address:
tayeb_abbasi@yahoo.com

وەزارەتی پلاندانان ڕێنمایی نوێ بۆ گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت

ڕۆژی ٢٠١٦/٨/٩، لە چوارچێوەی پلانی سێ ساڵەی ڕیفۆرمی ئابووری، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی کۆنفرانسێکی بۆ ڕاگەیاندنی ڕێنمایی نوێی گرێبەستە گشتیەکانی حکومەتی هەرێم بەمەبەستی پەرەپێدانی ئابووری بەردەوام ئەنجامدا.

لە میانەی کۆنفرانسەکەدا، د. علی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە گرنگی نوێکردنەوەی ئەم سیستەمە کرد کە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو چاکسازی گشتگیر و، ڕایگەیاند کە نوێکردنەوەی ئەم سیستەمە لە ڕێگای بەرنامەیەکی چاکسازی تێروتەسەل و فرەلایەن ئەنجامدراوە کە زۆربەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لە دەرکردنی و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی پشتگیری دەکرێت و، لە هەمان کاتدا هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠. هەروەها ڕوونیکردەوە کە ئامانج لە نوێکردنەوەی ئەم سیستەمە ئەنجامدانی ڕیفۆرمە لە گرێبەستە گشتیەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بونیاتنانی سیستەمێکی گرێبەستی گشتی کاریگەرو بەرپرس لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە کە خزمەتگوزاری بە کوالێتی بەرز دەستەبەربکات و وپشتگیری پەرەپێدانی بەردەوامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

شایانی باسە ئەم ڕێنماییە نوێیە کە لە ٦١ ماددە پێکدێت بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن وەزارەتی پلاندانان لە کانونی دووەمی ٢٠١٦ دەرچووە و دوای ١٥٠ ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەقایعی کوردستان) لە شوباتی ٢٠١٦ خرایە بەرکار. هەنگاوی داهاتووی سیستەمەکە ئامادەکردنی پاشکۆیەکی تایبەتە بە پرۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و دواتر بە ئەلیکترۆنیکردنی پرۆسەکە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ تەواودەبێت.

شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی د. علی سندی سەردانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکی دەکات

بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکا و هەروەها یەکێتی ئەوروپا ، و لەسەر داوای فەرمی بەڕێز (خێرت بۆرژوا) سەرۆك وەزیرانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکا ، شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی د. علی سندی ، وەزیری پلاندانان و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت ، سەردانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکی کرد لە ماوەی نێوان (٢٠١٦/٨/٣٠- ٢ /٢٠١٦/٩) لە چوارچێوەی سەردانەکە شاندی هەرێمی کوردستان چاوی کەوت بە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکاو لەگەڵ وەزیری دەرەوەو وەزیری ئابووری و بازرگانی.

هەروەها شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی چەند شوێنێکی بەلجیکای کرد و لەنزیکەوە چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی هەرێمی فلاندەرزی بەسەر کردەوە. ئەم سەردانە لە دوای سەردانی فەرمی بەڕێز (خێرت بۆرژوا) سەرۆك وەزیرانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکا بۆ هەرێمی کوردستان دێت کە لەسەر بانگێشتی فەرمی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ڕابردوو بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامی دابوو. فلاندەرز یەکێکە لە سێ هەرێمەکەی بەلجیکای فیدراڵ و دانیشتوانی هۆڵەندی زمانەو لە ٦.٥ ملیۆن کەس پێك دێت. فلاندەرز لەڕووی ئابووریەوە پێگەی بەهێزی هەیە و بەیەکێك لەدەوڵەمەنترین هەرێمەکانی ئەوروپا و جیهان هەژماردەکرێت. هەر لە چوارچێوەی سەردانەکە شاندی هەرێم چاوی کەوت بە بەرپرسانی یەکێتی ئەوروپا و لەگەڵ بەڕێز ستیلیانیس کۆمیساریای یەکێتی ئەوروپا بۆ کاروباری مرۆڤی کۆبوونەوە و چەندین کۆبوونەوەی تر لەگەڵ لایەنە گرنگەکانی یەکێتی ئەوروپا ئەنجامدران.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەی ستراتیژی پاراستنی کۆمەڵایەتی ڕادەگەیەنێت

ڕۆژی ٢٠١٦/٩/٢١ ، بەئامادەبوونی هەردوو وەزیرانی پلاندانان و کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی و نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان چواچێوەیەکی نوێی ستراتیژی بۆ پتەوکردنی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێم ڕاگەیاند. لەم بارەیەوە د. علی سندی ، وەزیری پلاندانان ئاماژەی کرد کە ئەم چوارچێوە نوێیە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی تەبا دەکات لەگەڵ دیدگای ٢٠٢٠ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لەڕێگەی ناساندنی ستراتیژێکی تری کارا بۆ بازاری کار، بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی و بۆ تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی هەژاران و کەمدەرامەتان بپارێزێت و دەرفەت بۆ لاوان دابین بکات. ئەمەش لە چوارچێوەی پلانی چاکسازی ئابووری حکومەتی هەرێمدایە ، کە لە حوزەیرانی ٢٠١٦ ڕاگەیەندرا. چوارچێوە تازەکە دارێژراوە بە سەرپەرشتی لێژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی وەزیری پلاندانان و ئەندامێتی وەزارەتەکانی کار، پەروەردە، تەندروستی و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پاڵپشتی و ڕێنمایی تەکنیکی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە . هەروەها ڕاوێژ و گفتوگۆی ورد ئەنجامدراوە لە ئایاری ساڵی ٢٠١٥ ەوە تا ئاداری ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ کەرتی گشتی، پەرلەمانتاران، ڕێکخراوە نا حکومییەکان، کەرتی تایبەت، کۆمەڵگە خۆجێییەکان، ئەکادیمییەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی دارشتنی چوارچێوەکە بەباشترین شێوە.

حکومەتی هەرێم کار بۆ خێراکردنی پڕۆسەی چاکسازی دەکات

بە مەبەستی خێراکردنی پڕۆسەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ٢٠١٦/٩/٢٨ ، د. علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و مونیر تابەت، بەڕێوەبەری UNDP لە عیراق ، ڕێککەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ دامەزراندنی سندوقێکی تایبەت بە کۆمەککردنی چاکسازی ئابووری هەرێمی کوردستان لە ڕێگای هێنانی شارەزایانی باڵای نێودەوڵەتیی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم لە ئەنجامدانی پڕۆسەی چاکسازی ئابووری بە شێوەیەکی خێراتر . لەم بارەیەوە د. علی سندی ڕایگەیاند کە حکومەتی هەرێم سوورە لە سەر ئەنجامدانی پڕۆسەی چاکسازی، وە هێنانی شارەزایانی باڵای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا پێویستە و یەکێکە لە مەرجە پێشوەختە گرنگەکان بۆ زامنکردنی سەرکەوتنی تەواوی پڕۆسەکە.

هەروەها ستایشی ڕۆلی UNDP کرد لەسەر ئەم دەستپێشخەریە کە لەکاتی خۆیدایە و هیوای خواست کە لە داهاتوودا زیاتر پێکەوە کار بکەن .

لەلایەن خۆیەوە، بەڕێوەبەری UNDP لە عیراق ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان کاریگەری زۆر توندی قەیرانی ئابووری لەسەرە، و حکومەتی هەرێم لەڕێی بەرنامەی چاکسازییەوە دەیەوێت ئەم بارودۆخە چاك بکات، هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە تاکو لە ڕێگای بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەو خۆشگوزەرانی بگەڕێتەوە.

پۆلێنکردنی چوار کۆمپانیا و بەڵێندەر و بەرزکردنەوەی پلەی پـــۆلێنی (٢) دوو کۆمپانیـــا و، هەڵوەشـــاندنەوەی پلەی پۆلێنی (٣) سێ کۆمپانیـــــا

لێژنەی تۆمار و پۆلێنکردنی بەڵێندەران، بە هۆی قەیرانی دارایی کە بووەتە هۆکاری کەمبوونی داواکاری بەڵێندەران بۆ پۆلێنکردن و بەرزکردنەوەی پلەی پۆلێنکردن، لە سێ مانگی وەرزی سێیەمی ئەمساڵ لەجیاتی (٦) کۆبوونەوە، تەنها (٣) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداوە. لـــە ئەنجامدا تەنها (٤) چوار کۆمپانیا و بەڵێندەری پۆلێنکردووە و پلەی پۆلێنی (٢) دوو کۆمپانیاشی بەرزکردۆتەوە، وە پلەی پۆلێنی (٣) سێ کۆمپانیای هەڵوەشاندۆتەوە. وە داواکاری پۆلێنکردنی (٤) کۆمپانیا لە ژێردەستی لێژنەی پۆلێنکردنە و ووردبینی بۆ دەکرێت و داواکاری (٢) کۆمپانیاش ڕەتکراوەتەوە بەهۆی نەگونجانی تواناکانیان لەگەڵ پێوەرەکانی هاتوو لە پەیڕەوی پۆلێنکردن.

جگە لەمانەش بەڕێوەبەرایەتی پۆلێنکردنی بەڵێندەران هەر لە وەرزی سێیەمی ئەمساڵدا هەڵساوە بە نوێکردنەوەی ناسنامەی پۆلێنکردن بۆ (٢٣) کۆمپانیا و بەڵێندەر، وە داواکاری نوێکردنەوەی ناسنامەی بۆ (٢٢) کۆمپانیا و بەڵێندەری لە ژێر ووردبینی دایە و نووسراویان بۆ کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆکارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر پێکهاتەی کۆمپانیاکان.

سەرەڕای ئەم کارانەی سەرەوە، ڕۆژانە کاری ئاسایی خۆی ئەنجام داوە کە بریتیە لە وەڵامدانەوەی گشت وەزارەت و لایەنەکانی حکومی و ڕەزامەندیدان لەسەر فرۆشتنی پشکی هاوبەشان و دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکان دوای دیراسە کردنی دۆسێیەکانیان.

لە داهاتوویەکی نزیکدا ،
هەنگاوی دووەمی پڕۆسەی نوێکردنەوە و
پەرەپێدانی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان دەست پێدەکات

دوای تەواوبوونی هەنگاوی یەکەمی پڕۆسەی نوێکردنەوەو پەرەپێدانی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان لەهەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان هەڵمەتێکی خولی ڕاهێنانی دەستپێکردووە، لەسەر ئەم سیستمە نوێیەو ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٦ کە لە سەرەتای مانگی تەمموزی ئەمساڵدا کەوتە بواری جێبەجێکردن.

خولی ڕاهێنانی یەکەم لە ماوەی (٢١-٢٣)/٨/٢٠١٦ لەزانکۆی ڕاپەڕین ئەنجامدرا بۆ فەرمانبەرانی ئیدارەی ڕاپەڕین و زانکۆی ڕاپەڕین، بە بەشداربوونی (٤٢) فەرمانبەر . خولی ڕاهێنانی دووەم لە ماوەی (٢٨-٣٠) / ٨/٢٠١٦ لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا بۆ کۆمەڵێك لە نووسینگەکانی ڕاوێژکاری ئەندازیاری لە پارێزگای سلێمانی و ئەندازیارانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان کە (٢٠) ئەندازیار تیایدا بەشدار بوون.

خولی ڕاهێنانی سێیەم لە ماوەی (٤-٦)/٩/٢٠١٦ لە شاری هەڵەبجە ئەنجامدرا بۆ فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە و فەرمانگەکانی سەر بە پارێزگا و (٣٠) فەرمانبەر تیایدا بەشدار بوون، ئەمەش یەکەمجارە خولی ڕاهێنان لە بواری گرێبەستە گشتیەکان لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام بدرێت.

ژمارە	پارێزگا	شوێنی ئەنجامدانی خول	ماوە و ڕێکەوتی خول	بەشداربووان
١	ئیدارەی ڕاپەڕین	زانکۆی ڕاپەڕین	(٢١-٢٣)/٨/٢٠١٦	٤٢
٢	پارێزگای سلێمانی	یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان	(٢٨-٣٠) /٨/٢٠١٦	٢٠
٣	پارێزگای هەڵەبجە	دیوانی پارێزگا	(٤-٦)/٩/٢٠١٦	٣٠

دارشتنی یەکەم ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی سەرانسەری بۆ (پێنج ساڵ)ی داهاتوو (٢٠١٧-٢٠٢١)

لەژێر تیشکی ئەو گەشەسەندنانەدا وەزارەتی پلاندانان، لەسۆنگەی بەرپرسیاریەتەکانی وای بینی لە ڕێگای بەرنامەی پلاندانانی ستراتیجی، پڕۆسەکانی گەشەپێدان، چوارچێوە بەندی بۆ بکات.

وەزارەتی پلاندانان تیایدا یەکەم ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی سەرانسەری بۆ (پێنج ساڵ)ی داهاتوو (٢٠١٧-٢٠٢١)ی دارشت، بەشێوەیەك پشت ببەستێتە دیدێکی ڕوون بۆ ئایندەو شیکردنەوەیەکی گشتگیرانەش بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات.

ئەم ڕەشنووسە پلانە لە ئامادەکردنیدا پشتی بەستووە بە کۆمەڵێك دیکومێنت لەپێش هەموویانەوە دیدگای هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ کە ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان. جگە لەمەش ئەم چالاکییانەی خوارەوەش ئەنجامدراون:

- وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتای نوێ لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بە ڕەشنوسی پلانی ستراتیجی وەزارەتمان، وە تۆمارکردنی لە ڕەشنوسەکە.
- بەردەوام بوون لەسەر کۆبوونەوەکانی (سیاساتی بەکارخستن) لەگەڵ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، کە لە ڕۆژی ٢٠١٦/١٠/١٢ لە بینایەی ئەم وەزارەتەدا ، ئامادەکاری بۆ هاتنی نوێنەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کرا.
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی) هەروەها لەگەڵ شارەزایان لە بواری دارشتنی (پلانی کار)، بۆ دانانی پلانی جێبەجێکردنی سیاساتی بەکارخستن، لە سۆنگەی ئەوەی کەوا وەزارەتی پلاندانان دەوری باڵای هەیە لە لێژنەی باڵای سیاسەتی بەکارخستن، ئەم کۆبونەوەیەش لە وەزارەتی پلاندانان بەڕێوە چوو.
- کۆبوونەوەی ستافی بەڕێوەبەرەکان لە ب . گشتی پلاندانانی ستراتیجی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی لەسەر بەڕێوەبردن و کار و چالاکی سێ مانگی داهاتوو.

ئەنجامدانی خولی (ISO) وشیارکردنەوەو ووردبینی ناوخۆ
(Awareness and Internal Auditing)

لە وەرزی دووەم خولی وشیارکردنەوەو ووردبینی ناوخۆ بۆ فەرمانبەرانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری و وە فەرمانبەرانی هەر سێ بە ڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە دەستە ئەنجام درا بەم شێوەی خوارەوە :-

لە بە ڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی لە هۆتیلی تایتانیك خولەکە بە دوو بەش بە ڕێوە چوو بەشی یەکەم لە بەرواری (٧/٢٥تا ٧/٢٨) ژمارەی بەشداربوان ١٢ فەرمانبەر وە بە شی دووەم لە بەرواری (٨/٢٥تا ٩/٢٨) ژمارەی بەشداربوان ١٢ فەرمانبەر ،

لە بە ڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری دهۆك لە هۆتیلی دلشاد پالاص خولەکە بە دوو بەش بەڕێوە چوو بەشی یەکەم لە بەرواری (٧/١٧تا ٧/٢٠) ژمارەی بەشداربوان ١٢ فەرمانبەر وە بەشی دووەم لە بەرواری (٩/١٩تا ٩/٢٢) ژمارەی بەشداربوان ١٢ فەرمانبەر .

وە لە بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری خولی سەرەکی وشیارکردنەوەو ووردبینی ناوخۆ lead Auditing- لە هۆتێلی شیراتۆن خولەکە بەڕێوە چوو بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە بەرواری (٧/٢٤ تا ٨/٤) وە ژمارەی بەشداربووان ١٢ فەرمانبەر .

خولی زمانی ئینگلیزی بۆ فەرمانبەرانی دەستەی پێوانەسای و کۆنترۆلی جۆری خولەکە بە سەرپەرشتی مامۆستایانی سەنتەری دلیمان (dleman international language institute) بۆ هەردوو ئاستەکانی سەرەتایی و ناوەندی ژمارەی بەشداربووان (٨٠) فەرمانبەر .

ئەنجامدانی چەند کارو چالاکیەکی دیکەی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری هەرێم لە وەرزی سێیەمی ٢٠١٦

- لەتاقیگەی مەرکەزی ناو دەستە (١٥١) لەنموونەکانی جوانکاری و پاککەرەوە پشکنینی بۆ ئەنجامدراوە، (١٨) نموونەی جگەرە و نێرگەلە، کۆی گشتی کە ڕەوانەی دەستە کراوە بریتیە لە (١٦٩) نموونە.
- لە بنکەی فڕۆکە خانەی نیودەوڵەتی هەولێر بڕی مەوادی هاتوو (٨١٦٣٥٤) کگم لەمەوادی (جوانکاری، کەرستەی بیناسازی، سەیارات، کارەبا، پاککەرەوە ...).
- وە (٦٨) نموونەی جگەرەو (١٠٤) نموونەی بۆن پشکنینی بۆ کراوەو دەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی.
- .پشکنینی نیرگەلەی گونجاو (١٧) پشکنینو جگەرە کوبیە (سکایر جروت) (١) دانەی گونجاو.
- لە بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی وکۆنترۆلی جۆری سلێمانی بڕی جگەرە/ هاتووی وەرزی یەکەم (٥٤١) کارتۆنی ڕێگەپێدراو، (١) کارتۆن ڕێگە پێنەدراو ، بڕی هاتووی توتنی پایپ/ توتنی چنراو (٥) تەنی ڕێگە پێدراو، توتنی نێرگەلە (٥٧) تەنی ڕێگەپێدراو (٨) تەنی ڕێگەپێنەدراو.
- لەئاماری تاقیگەی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری سلێمانی، بەشی سوتەمەنی (٧٤) گونجاوە (٢٣٠) نەگونجاوە.
- لەبەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی وکۆنترۆلی جۆری دهۆك بڕی مەوادی هاتووی جگەرە لەمەرزی ابراهیم خەلیل (١٨١٢,٤) تەن وە لەمەرزی ئالوکا (١٧٠٧١٠) کارتۆن.

کۆی مەوادی هاتوو لەمەرزەکانی باشماغ ، پەرویزخان ، ابراهیم خلیل ئالوکا ، حاجی ئۆمەران لە وەرزی سێیەم ساڵی ٢٠١٦

ناوی مەوادە هاتووەکان (پاککەرەوە ، موادی بیناسازی ، مەوادی کارەبا ، مەوادی چیشتخانە ، مەوادی پلاستیکی ، یاری منداڵان، مەوادی سیارات ...)

بڕی هاتوو / تەن			بڕی هاتوو / کارتۆن			بڕی هاتوو / دانە		
ڕێگەپێدراوە	ڕێگەپێنەدراوە	لەناوبراو	ڕێگەپێدراوە	ڕێگەپێنەدراوە	لەناوبراو	ڕێگەپێدراوە	ڕێگەپێنەدراوە	لەناوبراو
٢٣٢١٠٠٧٤٢,٢٨	١٨٥,٤٥	نیە	٢٧٠٦٣٧٠٩	نیە	نیە	١٠٧٥٢٣٤	نیە	نیە

بڕی کۆکراوەی بڕوانامەکانی COTECNA, SGS,B.V, TUV، BALTIC بۆ (٦،٧،٨) ی ٢٠١٦

بڕوانامەکان	ژمارەی بڕوانامەکانی ڕێگە پێدان	ژمارەی بڕوانامەکانی ڕێگەپێنەدان
SGS	١٧١٥	٤
BV	٢٠٤٢	١٣٥
TUV	٨١٣	نیە
COTECNA	٢٩٤	نیە
Baltic control	٤٥٦	١
گشتی	٥٣٢٠	١٤٠

خشتەی پشکنێنی ئەنجامدراو لە تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر بەڕێوەبەرایەتی دهۆك و سلێمانی (خواردەمەنی ، ئاو ، جوانکاری ، پاککەروە ، جگەرە.....)

ناوی شوێن	کیمیا		فیزیا		بایۆلۆجی	
	گونجاوە	نەگونجاوە	گونجاوە	نەگونجاوە	گونجاوە	نەگونجاوە
تاقیگەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەولێر	٤١	نیە	١١٠	نیە	.....	.....
تاقیگەی ب.ك دهۆك	٤٦٧	٣٠	٦٢٩	٢٨	١٩٢	٣
تاقیگەی ب. ك سلێمانی	١٥٣	نیە	٣٨	٧	٨٣	١
گشتی	٦٦١	٣٠	٧٧٧	٣٥	٢٧٥	٤

کاروچالاکی وەرزی یەکەم هۆبەی خشل (ب .پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك) جۆری کاروچالاکییەکانی هۆبەی هونەری (هەولێر- سلێمانی - دهۆك) لە (وەرزی سێیەم) ی ساڵی ٢٠١٦

ژ	جۆری کاروچالاکی	هەولێر	سلێمانی	دهۆك
١	دەرهێنانی مۆڵەتی زێرینگری	٧	٥	٣
٢	دەرهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی زێر بە کۆمەڵ	-	-	-
٣	دەرهێنانی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ	٢	١	٧
٤	تازەکردنەوەی مۆڵەتی زێرینگری	١١	١٥	٢
٥	تازەکردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی زێر بە کۆمەڵ	-	-	-
٦	تازەکردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ	٣	٣	-
٧	پشکنینی خشڵی هاورده	٦٠٩١,٤٣٥ شەش هەزارو نەوەدو یەك کیلۆ و چوار سەدو سی و پێنج گرام	٣٩٠٧,٦٤٢ سێ هەزارو نۆسەدو حەفت کیلۆ و شەش سەدو چل و دوو گرام	٣٠٠,٨٤٥ سێ سەد کیلۆ و هەشت سەدو چل و پێنج گرام
٨	پشکنینی پسوولەی فرۆشتنی زێر	٧٤	١٠٢	٣
٩	پشکنینی دوکانی وەرشەو زێرینگری	٩	١١	٨
١٠	کێشکردنی تەرازوو	٧٣	١٠٢	٨
١١	سەردانی لێژنەی چاودێری بازار	٣ جار	٧ جار	٣ جار
١٢	زێری پشکێنراو لە لایان لێژنەی چاودێری	٣٥٢٩,٧٠٠ گرام	-	١٠٠٠ گرام
١٣	تاقیکردنەوەی زێرنگران و خاوەن وەرشەکان	٩ زێرینگر	٩ زێرینگر	١٤ زێرینگر

چالاکییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم

بەشی پەروەردەو کۆمەڵایەتی

داتای وۆرکشۆپی شیکردنەوەی ڕووپێوی ئاسایشی خۆراك

دوای تەواو بوونی کاری داگرتنی داتاو خاوێنکردنەوەی داتا، لەبەرواری ٢٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٦ بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی WFP ، وە بە ئامادەبوونی تیمی شیکردنەوەی داتا لە دەستەی ئاماری هەرێم، وە نوێنەری بەشی چاودێری خۆراك لەوەزارەتی تەندروستی، وە تیمی شیکردنەوەی دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا ، وۆرکشۆپێك بەڕێوەچوو دەربارەی چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیاریانەی کە لە قۆناغەکانی تری ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە بەدەست گەیشتبوو. ئەم وۆرکشۆپە ماوەی حەوت ڕۆژی خایاند.

کوبوونەوەی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم لەگەڵ شاندی ڕێکخراوی WFP

دوای تەواو بوونی وۆرکشۆپی تایبەت بەشیکردنەوەی داتای ڕووپێوی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان ، وە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕووپێوەکە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی تا کۆتایی، شاندێکی باڵای ڕێکخراوی WFP سەردانی دەستەی ئاماری هەرێمیان کرد .

هەر لەمیانەی سەردانەکە تەواوی ڕەوشی بەڕێوەچوونی وۆرکشۆپەکەیان بە سەرۆکی دەستەی ئامار ڕاگەیاند و گفتوگۆی فراوانیان ئەنجامدا بۆ چۆنیەتی دارشتنەوەی ڕاپۆرتی ڕووپێوەکەو، دواتر لەگەڵ هەمەهەنگکاری ڕووپێو و بەڕێوەبەری شیکردنەوەی داتای ڕووپێوەکە، تەواوی بەشە هونەریەکانی دەستە و هۆڵی تۆمارکردنی داتایان بەسەر کردەوە.

کۆبوونەوەی لیژنەی سیاسەتی کەمکردنەوەی هەژاری

دوای بەشداریکردنی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم لە وۆرکشۆپی سیاسەتی کەمکردنەوەی هەژاری لە عێراق لە بەرواری ٢٠١٦/٧/٢٠ کەلە بەغدا ئەنجامدرا.

بە مەبەستی کاراکردن و هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان، لە بەرواری ٢٠١٦/٨/٣٠ لە دیوانی دەستەی ئامار، سەرۆکی دەستەی ئامار کۆبوونەوەیەکی ڕیکخست بە بەشداری بەڕێوبەرانی گشتی لە وەزارەتەکانی (پەروەردە ، تەندروستی ، دارایی، کاروکاروباری کۆمەلایەتی، کەپەیوەندارن بۆ بەم بابەتە، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن و هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان.

هەر لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا تەواوی ستراتیجیەکانی سیاسەتی کەم کردنەوەی هەژاری لە ڕێگای پریزنتەیشنێك، کە لە لایەن تیمی هونەری دەستەی ئامار ئامادەکرابوو بۆ بەشدار بووان نمایش کراو گفتوگۆی لەسەر کرا ، ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەمە بەیەکەم کۆبوونەوەی سەرۆکی دەستە دادەنریت و پاش ناردنی تەواوی ستراتیجیەکان بۆ وەزارەتەکانی ناوبراو بڕیارە کۆبوونەوەی تر ئەنجام بدرێت .

بەشی دانیشتوان و هێزی کار

- کارکردن لەسەر مەزەندەکردنی مردوانو لەدایك بوان.
- شکاندنی مەزەندەی ژمارەی دانیشتوان و بەپێی گروپی تەمەن بۆ تەمەن بە ساڵ بەپێی پارێزگا بۆ ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠٢٠.
- پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی هێزی کار.
- پێداچوونەوە بە وەرگێردراوی ڕاپۆرتی هێزی کار بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.
- کارکردن لەسەر یەکخستنی داتاکانی ساڵانی ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ی ڕووپێوی هێزی کار.
- داگرتنی داتای سەرژمێری گشتی دانیشتوان ساڵی ١٩٥٧ پارێزگاکانی موسل و هەولێر.
- دەستەبەرکردنی زانیاری کۆمپانیاکان بە هاوکاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی بۆ ڕێکخراوی UNESCO.

کۆبوونەوەی سەرۆکی دەستەی ئامار لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف

لەڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/٣١ سەرۆکی دەستەی ئامار پێشوازیکرد لەشاندێکی باڵای ڕێکخراوی یونسێف - UNICEF لە دیوانی دەستەی ئامار.

هەر لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی بەشی ئامارەکانی پەروەردەو کۆمەڵایەتی دەستەی ئامار بەشداربوو، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەرخۆئامادەکردن و هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی خولێکی نوێ لە ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەری بوارەکان، کە بڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو ٢٠١٧ ئەنجام بدرێت. هەروەك خولەکانی تری ڕووپێوی ناوبراو کە لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠١١ دەستەی ئامار ئەنجامی دا.

بەشی ژمارەی پێوانەییەکان

وەرشەیەك دەربارەی ژمارە پێوانەییەکان

لە ژێر چاودێری بەڕێز سیروان محمد محی الدین سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئامار وەرشەیەك لەدیوانی دەستە ڕۆژانی (٢١-٢٥)/٢٠١٦/٨ سازکرا دەربارەی کاری بەشی ژمارە پێوانەییەکان. تیایدا ووردبینی (کێش) سەبەتەی کاڵاکان لە ساڵی ٢٠١٢ وە بەراوودکران لەنێوان بەرنامەی ئەکسل و ئەکسس لە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، وە دەرهێنانی ژمارە پێوانەییەکان.

بۆیە بڕیاردرا کە بەرنامەی ئەکسس پەیرەو بکرێ، و فەرمانبەرانی بەش ڕاهێننران لەسەر بەرنامەکە، هەروەها توێژەرە مەیدانییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگای هەولێرو دهۆك و سلێمانی تێدا بەشدار بوون و گفت و گۆی تەواو لەسەر بیرو بۆچوونەکان کرا. دواتریش جەخت لەسەر کۆکۆدنەوەی نرخەکان بەشێوەیەکی دروست کرایەوە.

خولێکی تایبەت بە کارگێری و دارایی بە بەشداری ٣٠ فەرمانبەر لەدەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر ئەنجامدرا

لەژێر چاودێری بەرێز سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەڕۆژانی (٢٥-٢٧)/ ٢٠١٦/٧ خولێکی تایبەت بەکاروباری کارگێری و دارایی بە بەشداری ٣٠ فەرمانبەر لە دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر لە دیوانی دەستە کرایەوە.

تێیدا بەرێز عمر طاهر عزیز (شارەزا) لەو بوارە، تەواوی چەمکەکان و ڕێسا کارگێری و داراییەکانی ڕوونکردەوە هەروەها ئەو کاروبارانەی کە لەڕێچکەی بەڕێوەبردن و دارایی و چۆنیەتی ئامادەکردنی بودجە و ڕوونکردنەوەی بڕگەو بابەتەکانی، تەوەرێکی تری خولەکە بوون، لەگەل شێوازی ڕێککخستنی میلاکات و ڕەچاوکردنی پێویستی ئیداری لەجومگەکانی فەرمانگە. لەلایەکی تر چۆنیەتی عەمبارکردن و پاراستنی شت و مەك و پیداویستی فەرمانگە و گرتنی تۆماری ڕێك و پێك بۆ کۆگاو چۆنیەتی ئەرشیفکردنی سەردەمیانە خرایەڕوو.

ئەمەو لە کەشێکی برایانە و پر لەگفتوگۆی بەسوود کۆتایی بەخولەکە هات، کەتێیدا فەرمانبەران سوپاسی خۆیان پێشکەش بە دەستە کرد لەسەر کردنەوەی ئەو خولانەو داوایان کرد ئەو خولانە بەردەوام بن بۆ بەهێز کردنی ئەدای فەرمانبەر و تازەکردنەوەی زانیاریەکان.

ئامادەکردن و نووسینەوەی مانوێڵی جێبەجێکردنی خولەکان

بە مەبەستی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان و ناساندنی چەمکی HRD و وەرگرتنی ئەزموونی وڵاتی کۆریای باشوور، دوای بەشداربوونی ستاف پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان (HRD) لە خولێکی ٣٠ ڕۆژە لە وڵاتی کۆریای باشوور دەستکرا بە دارشتنەوەی مانوێڵی جێبەجێکردنی خولەکانی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی(KIPA).

ستاف (HRD) لە ئێستادا سەرقاڵی دارشتن و ئامادەکردنی ڕەشنووسی مانوێڵی بەڕێوەبردنی خولەکانن.

ئەمە لە سۆنگەی پرۆژەی هاوبەشی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆریای باشووره کە ئامانج تێیدا پەرەپێدان و پێشخستنی سەرچاوەی توانای مرۆییە.

پسپۆڕانی کۆریا بۆ درێژەدان و گەیشتن بە ئامانجی کۆڕسەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لەگەڵ ستاف HRD بەردەوام لە کارکردندان.

بەشداربووان دابەشکران بە سەر ٤ گرووپ و سیستمێکی وەهایان بۆ دارێژرا کە یارمەتیدەر و پاڵپشت بێت بۆ نووسینەوەی مانوێڵی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی (KIPA).

ئێستا پرۆسەی دارشتنەوەی مانوێڵ لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە و فەرمانبەران بە هاوبەشی لەگەڵ پسپۆڕانی کۆری پێداچوونەوەی بۆ دەکەن و ڕۆژانە بابەتەکان بەشێوەیەکی وورد تاوتوێ دەکرێن. جێی ئاماژەیە ژمارەیەك لەو فەرمانبەرانەیش کە بەشداریی خولەکەی کۆریایان نەکردبوو بەشدارن لە دارشتنەوەی مانوێڵەکە و جێ پەنجەیان دیارە. مانوێڵەکە، کە لە دواین قۆناغەکانیدایە وەك ڕێنامەیەك کاری لەسەر دەکرێت و، هەنگاوەکانی بەڕێوەچوون و هەڵسووڕاندن بەپێی ئەوەوە ئەنجام دەدرێن. مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم ڕێنامەیە بە سیستماتیك کردنی کاروبارەکانە، بەجۆرێك شێوازی بەڕێوەبردنێکی ستاندارد و دوور لە میزاجی خودی بەردەست بکرێت.

کۆبوونەوەی نوێنەری کۆیکا لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی

دوای گەڕانەوەی لیژنەی باڵای تایبەت بە پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی کە لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆریای باشوور بەڕێوەدەچێت، ڕێکەوتی ١ی ئابی ٢٠١٦، کاتژمێر ١٠ی بەیانی نوێنەری کۆیکا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان کرد. سەرەتا بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی بەخێرهاتنی نوێنەرانی کۆیکای کرد و هەوڵ و کارەکانیانی بەرز نرخاندن. بە شێوەیەکی گشتی لە دیدارەکەدا باس لە ئەنجامی گەشتەکە کرا و چۆنیەتیی و چەندێتیی گوزمەی تەرخانکراو بۆ باڵەخانەی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA) خرانە بەر باس. لە ئاکامی دیدارەکەدا هەردوولا گەیشتنە ئەوەی پلانێکی تۆکمە بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی بڕە گوزمەی تەرخانکراو و ئامادەکردنی باڵەخانەیەك دابڕێژرێت.

جێی باسە پێشتر لیژنەی وەزارەت بۆ هەمان مەبەست سەردانی لایەنی پەیوەندیداریان لە وڵاتی کۆریا کردبو چەند دیدار و وتوێژێکیان لەمەڕ پرسی بینای کیپا سازدا.

ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانانو ڕاهێنەرانی گەڕاوە لە کۆریای باشوور

ڕۆژی ١٩ی تەممووزی ٢٠١٦ ژمارەیەك لەو ڕاهێنەرانەی لە کۆریای باشوور خولی ٣ مانگەیان بینی بوو بە مەبەستی دیدار و وتوێژ هاتنە دیوانی وەزارەت و لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدانی مرۆییەوە پێشوازییان لێ کرا. سەرەتا بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی بەخێرهاتنەوەی لە ڕاهێنەران کرد و ڕایگەیاند کە ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیابوون لەوەی کارەکان بەم شێوەیە، سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێن.

ناوبراو هەروەها گوتی مەرج نییە لە یەکەم هەنگاودا چاوەڕێی بەرهەمێکی ناوازە و پڕ بە ویستی کارەکان بکرێت بەڵکو ئەوە گرنگە کە ئێمە پرۆسەکە جێگیر بکەین و بەردەوامیی پێ بدەین.

بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی دڵخۆشیی خۆی دەربڕی بەوەی هەندێك لە کارەکان بە تەحەدا و پێداگرییەوە بووە و کوالێتییان لە ئاستێکی باشدا ڕاگیر و پارێزراو بووە. هەروەها ئاماژە بەو گیروگرفتانە کرا کە ڕووبەڕووی ڕاهێنەران دەبنەوە و، بڕیاریشدرا بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی یاسایی بۆیان.

دیداری ب.گ.پەرەپێدانی مرۆیی وبەرپرسی نووسینگەی کۆیکا لە بەغدا

رۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ بەڕێز چۆ کوانگ گیۆل، بەرپرسی نووسینگەی ئاژانسی کۆریا بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەغدا سەردانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی کرد و لە لایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە پێشوازی لێکرا . مەبەست لەم دیدارە زیاتر نزیکبوونەوەی زیاتری وەزارەتمان بوو لە هەردوو نووسینگەی ئاژانسی کۆریا بۆهاوکاری نێودەوڵەتی لە بەغداو هەرێمی کوردستان .بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لە دەروازەی دۆستاییەتی نێوان کۆریای باشوور و هەرێمەوە دەستی بە وتەکانی کرد و هیوای خواست ئەم دۆستایەتییە بەردەوام و تۆکمەتر بێت.

لە دیدارەکەدا باس لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی کرا کە تێیدا بەرپرسی نووسینگەی ئاژانسی کۆریا بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەغدا پاڵپشتیی خۆیان بۆ هەرێم نیشاندا.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی پێشنیازی دارشتنەوەی سیستمێکی سەردەمیانەی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان (HRM) بۆ هەرێمی کوردستان کرد، بۆ چوون و وتەکانی لەلایەن بەرپرسی نووسینگەی ئاژانسی کۆریا بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بەغدا پاڵپشتیان لێکرا.

جێی باسە بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی گرفتەکانی هەرێمی کوردستانی وەبیر میوانان هێنایەوە و پەنجەی خستە سەر قەیرانی دارایی، شەڕی داعش ، هاتنی ئاوارە بۆ هەرێم ،لەگەڵ ئەمەشدا هیوای خواست کە حکومەتی کۆریای باشوور بەردەوام بێت لەپاڵپشتی و هاوکارییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان.

کۆبوونەوەی مامۆستایانی ئایینی و پسپۆڕانی کۆری دەربارەی جێندەر

لە چوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان کە بە هاوبەشی لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێم و کۆریای باشوورەوە بەڕێوەدەچێت، وەزارەتی پلاندانان هەلی دیدارو ڕاگۆڕینەوەی بۆ نوێنەرانی یەکێتی زانایان و پەرلەمانتارێکی کوردستان لەگەڵ پسپۆرانی جێندەر ڕەخساند. لەم دیدارەدا خاتوو چۆیس پسپۆری کۆری لەبواری جێندەر وەك سەرپەرشتیاری بەشی جێندەر لە مانوێلی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی بەشداریی دیدارەکەی کرد. سەرەتا د. چۆیس باسێکی کورتی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی حکومەتی هەرێمی کرد و جەختی لەسەر پرسی توندوتیژیی ئافرەتان کردەوە و، ئەو کارانەی خستەڕوو کە لەم بارەوە ئەنجامدراون. ناوبراو گوتی خەریکی خوێندنەوەی قورئانە و زۆر خاڵی هاوبەشی لە نێوان کارەکانی ئەوان و قورئانی دۆزیوەتەوە. لای خۆیەوە د. عەبدوللا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی کوردستان ئامادەیی خۆیانی بۆ هەر کارێکی باش دەربڕی، بەڵام داوایکرد ئەم پرۆژەیەی پسپۆڕانی کۆری دەیانەوێ لە کوردستان ئەنجامی بدەن، بە مەبەستی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن وێنەیەکی بۆ لایەن و مامۆستایانی ئایینیی پەیوەندیدار بنێردرێت.

هەروەها پەرلەمانتاری کوردستان حاجی کاروان بەگرنگی زانی ڕەچاوی چوارچێوەی ئایین و کەلتوور و عورف بکرێت. بەتایبەت دەبێ ئەوە بزانین کە زۆرینەی کۆمەڵگە موسڵمانە و ئێرەیش کوردستانە، بۆیە نابێت هیچ خاڵێکی ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئیسلام و گۆمەڵگەی کوردیدا نەگونجاو بێت. ناوبراو پێشنیازیشی کرد هەنگاوەکانی ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەکی هاوتەریب لەلایەن شارەزایانی ئایینی و پسپۆڕانی پەرەپێدانی مرۆییەوە بنرێن. بەجۆرێك هەردوو لا گەواهیدەر بن بەسەر گۆڕانکارییەکانەوە.

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا لێژنەی فتوا و بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کۆك بوون لەسەر ئەوەی ڕەشنووسی پرۆژەکە بە شێوەیەکی نوێکراوە بخرێتە بەردەستیان وە لە هەنگاوەکان ئاگاداربن، دوای ڕەزامەندبوونیان لەسەر هەماهەنگیکردن لەم پرۆژەیەدا.

لای خۆیەوە بەڕێز دکتۆر چۆیس پێشنیاز و تێبینییەکانی لایەنی دووەمی قەبووڵکرد و ڕایگەیاند مەبەستی لەم کۆبوونەوەیە ئاشنابوون و وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوان بووە و، هەرکە ڕوشنووسی پرۆژەکەش تەواو بوو کۆپییەکیان بۆ دەنێرێت و ئیتر بەیەکەوە هەنگاو دەنێن.

چالاکییەکانی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان

لەمیانەی بەڕێوەچوونی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی کە بە هاوبەشی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرەپێدانی مرۆیی- وەزارەتی پلاندانان) و حکومەتی کۆریای باشوورەوە هەڵدەسووڕێنرێت، ڕۆژی ١٧ی تەممووزی ٢٠١٦ خاتوو چۆیس یۆنگ پسپۆڕ لە بواری جێندەر لە کۆریا و پشکدار لە پرۆژەی ناوبراو پێشوازیی لە نوێنەرانی ڕێکخراوی ژیانی تەندروستی کرد.

نوێنەرانی ڕێکخراوی ژیانی تەندروستی پێکهاتبوون لە سەرۆکی ڕێکخراو قاسم عەزیز عەلی، بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی عەلی ئیبراهیم حەسەن و ڕێکخەری پەیوەندییەکان کاوە عومەر پیرداود.

دوای بەخێرهێنان د.چۆیس باسی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕیی گشتی (KIPA)ی بۆ کردن و تیشکی خستە سەر دیدگا و کار و پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە دیدارەکەدا باس لە خولەکانی کۆریا بۆ ڕاهێنەران و ستافی HRD کرا و جەخت لەسەر بەردەوامیی پرۆژەی پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان کرا کە لە ئێستادا وەك پرۆژەیەکی ستراتیژی قۆناغی باشی بڕیوە و ئامادەکاریی باشی بۆ کراوە.

هەروەها خاتوو چۆیس باسی جێندەر و تێگەیشتنی لەم چەمکە کرد و بە پێویستی زانی دەسەڵات بە شێوەیەکی تەندروستانە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بکات و زەمینە بڕەخسێنێت بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی چەمکی جێندەر. ئاماژەشیکرد کە بواری جێندەر لە مانوێڵی کیپادا بوونی هەیە و کاری لەسەر دەکرێت.

لای خۆیانەوە نوێنەرانی ڕێکخراوی ژیانی تەندروستی ئامادەیی خۆیان بۆ کارکردن لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆریا، لەڕێی وەزارەتەوە نیشاندا. هەروەها بە پێویستیان زانی لەڕێی ئەم هەماهەنگییەوە ئاستی لێهاتوویی خۆیان بەرز بکەنەوە. جێی باسە ژیانی تەندروستی ڕێکخراوێکە لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە و کاری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی و گەیاندنی خزمەتگوزاریی پزیشکییە بە شێوەیە دوورە دەستەکان. کاری هەنووکەیی ئەو ڕێکخراوە زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی و هاوکارییە لە کامپەکاندا. ژیانی تەندروستی زیاتر کاری لەسەر ڕێنمایی و هاوکاریی پزیشکی و جێندەر کردووە و چەند پرۆژەیەکیشی هەبووە لەم بارەوە.

هەڵسەنگاندنی هەلی ئابووری هەرێمی لە بەهاناهاتنی قەیرانەکانی سوریا

بەڕێز (حیدر مستەفا سەعید) بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان بەشداریکرد لە دەستپێشخەریە پێکەوەییەکەی (WFP, ILO, UNDP) لە ژێر ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی هەلی ئابووری هەرێمی لە بەرامبەر قەیرانی سوریا) کە لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٩/٥ لە بەیروت بەڕێوەچوو.

مەبەستی دانیشتنەکە بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆیەك دەربارەی سەرهەڵدانی دۆزینەوەکان و ڕاسپاردەکان لەگەڵ ئەندامانی گروپی ڕاوێژکاری هەرێمی(ECGs) لە شەش وڵاتی خانەخوێ و پاڵپشتیکردنی وڵاتە بەشداربووەکان لە خێراکردنی پابەندبوونە گرنگەکانی کە بەڵێندران جێبەجێبکرێن لە کۆنفڕاسەکەی پێشوو.

ئامانجی هەڵسەنگاندنەکان بریتییە لە (أ) دۆزینەوەی بۆشایی گرنگ لە بارەی هەلی دامەزراندن.

(ب) کۆکردنەوەی هاوبەشەکان، ئەوانەی کە هەن و ئەوانەشی کە لەوانەیە بەشداریبکەن لەسەر ئاستی هەرێمی بۆ ئەوەی بە خێرایی هەلی دامەزراندن و کار زیاد بکرێت.

(ج) بەهێزکردنی پاڵپشتیکردن بۆ پێداویستییەکانی ژیان کە پاڵپشتیکراو بێت لەسەر ئاستی وڵات و هەرێمەکان.

کۆبوونەوەی هاوبەشی (پرۆگرامی بوژاندنەوەی کۆمەڵگە - قۆناغی پێنجەم)

Community Revitalization Program



نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان بەشداریکرد لە کۆبوونەوەی هاوبەشی (پرۆگرامی بوژاندنەوەی کۆمەڵگە Community Revitalization Programm - قۆناغی پێنجەم) کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM- Iraq) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/٣٠ لە هۆڵی رۆتانا لە هەولێر بەڕێوەبردرا، بە مەبەستی خستنەڕووی پێشوەچوونی پرۆگرامی بوژاندنەوەی کۆمەڵگە و دەرئەنجامەکان و ئاستەنگەکان و داهاتووی پرۆگرامەکە. ئامانجی ئەم پرۆگرامەش دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕاهێنانە پیشەییەکان.

ووێرکشۆپی (UNESCO) چاکسازی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی (TVET)

بەڕێز (حیدر مستەفا سەعید) بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان بەشداریکرد لە ووێرکشۆپی (چاکسازی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی) کە ئاژانسی (UNESCO) لە ڕێکەوتی(٢٠-٣٠)/٢٠١٦/٩ لە کوالالمبور-ماليزيا ئەنجامی دا مەبەستی پێشاندانی تجربەی وڵاتی ماليزيا لە ڕووی گەشەپێدانی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی کە ئەم بوارە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی ئابووری هەر وڵاتێك بە ڕێگەی دابینکردنی خوێندنی تەکنیکی ئاست بەرز بۆ گەنجان بە پێی پێداویستی بازاری کار.